## پاشکۆی ٣

# خزمەتی ژن لە کڵێسادا

کاتێ کڵێسایەك ژنێك هەڵدەبژێرێ بۆ خزمەت ، دەبێت ئەو ژنانە هەڵبژێرێ کە داواکاریەکانی کتێبیان تێدایە وە توانای ڕاپەڕاندنی ئەرکە کتێبیەکانیان هەبێت .

**أ. ژنان و ڕابەرایەتی کردن لە کڵێسای مەسیحیەتدا**

دەستنیشانکردنی ژنان بۆ ڕابەرایەتی کردن بابەتێکە جێی مشتومڕو بیروڕای جیاوازە لە نێوان باوەڕداران و کڵێسادا . وە ئامانج لەئەم پاشکۆیەش تیشک خستنە سەر ئەم مشتومڕەیە . دەبێت ڕابەرانی کڵێسا بڕیاری کۆتایی بدەن سەبارەت بەم بابەتە لە کڵێساکانیاندا .

**ئاشکرای بکەو گفتوگۆی لەبارەوە بکە** : پەیمانی نوێ چیمان فێردەکات سەبارەت بە پۆستی ڕابەرایەتی کردن بۆ ژنان ؟

**<u>١. ژنان لە نێو کتێبی پیرۆزدا لە ڕووی مێژوویی و کلتوریەوە (بەشە مێژوویەکانی کتێبی پیرۆز) .</u>**

هەندێ کڵێسا پێی وایە فێرکردنەکانی پۆڵس لەبارەی پەیوەندی ژن ومێرد یەکلاکەرەوەیە . بەڵام کڵێسای دیکە پێیان وایە ئەم فێرکردنە تایبەتە بە هەڵسوکەوتی ژنان لە کۆبونەوە گشتیەکانی کڵێسادا ( خزمەتەکانی پەرستن و ڕۆژی خوداوەند).

**أ. ئایا ژنان پۆستی پیرایەتیان وەرگرتوە ؟**

١ تیمۆساوس ٣: ٢؛ تیتۆس ١: ٦ **بخوێنەوە** .

کتێبی پیرۆز فێرمان دەکات کە ڕابەرانی کڵێسا ئەوانەی دەستنیشان دەکرێن یاخود پیران ، هەمویان نێرینە بوونە . وە دەبوو پیر تەنها یەك

ژنی هەبێت . کتێبی پیرۆز جەخت ناکاتەوە لەسەر دەستنیشانکردنی ژنان بۆ هیچ ناوەندێکی ڕابەرایەتی کردنی فەرمی لە کڵێسادا .

**ب. ئایا ژنان پۆستی چاودێریان وەرگرتوە ؟**

١ تیمۆساوس ٣: ١١ **بخوێنەوە** .

کتێبی پیرۆز فێرمان دەکات هەروەها چاودێرەکانیش هەمویان نێرینە بوون . دەقی یۆنانی "هەروەها ژنان " گونایکەز هۆزاوتۆز * ناکرێ ئاماژەی ئەم وشانە بۆ پۆستی فەرمی چاودێریی بێت چونکە ئەگەر مەبەستی ئەوە بایە لە دەقە یۆنانیەکەدا دەبوو بە "هەروەها ژنانی چاودێریش" * وە ئاماژەش نیە بۆ ژنانی چاودێرە پیاوەکان ، ئیدی بەم شێوەیە

دەکرێ وای دابنێین ئەو ژنانە کۆمەڵێکی تایبەت بوونە لە کڵێسای ئەفەسۆس و هەستاون بە خزمەتێکی تایبەت لە کڵێسادا ( ١ تیمۆساوس ٥: ٣- ١٦) .

**ج. ئایا فیبی چاودێر بوو ؟**

ڕۆما ١٦: ١- ٢**بخوێنەوە** .

ئەم ژنە تەنها ژنێکە لە پەیمانی نوێدا که بە ژنی " دیاکۆنۆز" ناو دەبرێ ، ئەویش وشەیەکە وەردەگێڕدرێ بۆ "چاودێر" لە کرداری یۆنانیدا بەکار ناهێنرێ بە واتای چاودێر یان پۆستی چاودێریی بەڵکو هەمیشە وەك خزمەتێکی یارمەتیدان و گرنگیدان بە خاوەن پێویستیەکان بەکار دێت وە ڕۆما ١٦: ١ ئاماژە بەوە ناکات کە فیبی چاودێر بووە بەو واتایەی کە لە کردار ٦: ١- ٧ دا هەیە بەڵکو وەکو خزمەتکار !

کەنخەریا یەکێك بوو لە لەنگەرەکانی شاری کۆرنسۆس ئەو ناوچەیە کڵێسایەکی تێدا بوو فیبی خزمەتکار بوو لەو کڵێسایەدا .

٢. ژنان لە کتێبی پیرۆزدا بۆ فێرکردن (بەشەکانی فێرکردن).

١ تیمۆساوس ٢: ١١- ١٤ ؛ ١ کۆرنسۆس ١٤: ٣٣- ٣٨ بخوێنەوە .

ئەم دوو بەشە كتێبیە فێركردنی بە دەسەڵاتەوە تێدایە نەك پێناسەیەكی مێژوویی و بەس .

نامەی تیتۆس ۲: ۳- ٥ دەریدەخات كە پۆڵسی نێردراو دەسەڵاتی داوە بە ژنان كە فێركردن پێشكەش بكەن و ڕاهێنان بە ژنانی دیكە بكەن ئەوەی تایبەتە بە ژیانی خێزانی و ناوماڵ . وە لە ۱ كۆرنسۆس ۱۱: ۳- ٥ دەبینین كە پۆڵسی نیردراو مافی داوە بە ژنان كە پێشبینی بكەن ( وشەی خودا ڕابگەیەنن) لە دەرەوەی كۆبونەوە فەرمیەكانی كڵێسا .

## **<u>۳. ژنان لەكتێبی پیرۆزدا یەكسانن لەگەڵ پیاوان ، بەڵام جیاوازن لەوان .</u>**

لۆقا ۸: ۱- ۳ ؛ ڕۆما ١٦: ۱- ٦ ؛ ۱تیمۆساوس ۳: ۱۱ ؛ ٥: ۱- ١٦ ؛ تیتۆس ۲: ۳- ٥ **بخوێنەوە** .

### أ. ئەرك و كارەكانی ژنان كە ڕاسپێردراون بۆی و گرنگی و تواناو سودی لەبەرچاوی خودا !

ژن و پیاو یەكسانن لە جەستەی مەسیحدا (گەلاتیە ۳: ۲۸) . دەبێت هەردوكیان بە بەهرە ڕۆحیەكانیان خزمەت بكەن بە یەكسانی لە كڵێسادا ( ۱ پەترۆس ٤: ۱۰) .

### ب. ئەرك و كارەكانی ژنان كە ڕاسپێردراون بۆی جیاوازە لە پیاوان .

لەگەڵ ئەمەشدا ، ئەركو كارەكانیان ئەوەی خودا داویەتی پێیان جیاوازە لەو كارو ئەركانەی كە خودا دەیدات بە پیاوان ! منداڵ بوون ( پەیدابوون ۳: ١٦ ؛ ۱ تیمۆساوس ۲: ١٥) ؛ كۆمەڵایەتی : ڕۆڵی لە پەیوەندی هاوسەرگیریدا ( ئەفەسۆس ٥: ۲۲- ۲٤ ؛ كۆلۆسی ۳: ۱۸ ؛ ۱ پەترۆس ۳: ۱- ٦) ؛ ڕۆحی : ڕۆڵی لە كڵێسادا . خودا ئەركی رابەرایەتی كردنی داوە بە پیاوان لە ژیانی هاوسەرگیری و كڵێسادا نەك بە ژنان بەڵام ئەركی مزگێنی و فێركردن بە دەسەڵاتەوە لە كۆبونەوە فەرمیەكانی كڵێسای داوە

به ژنان وپیاوان (کردار ٦: ٤ ؛ ١ سالۆنیکی ٥: ٢ ب ؛ ١ تیمۆساوس ٣: ٢ ب ؛ ٥: ١٧ ؛ ٢ تیمۆساوس ٤: ١- ٥ ؛ تیتۆس ١: ٩).

**ج. ژن وەك لایەنێکی سەرەکی لە کڵێسادا .**

کتێبی پیرۆز ناو و کاری ژنانی زۆری تۆمارکردوە ، کە خزمەتیان کردوەو کاری زۆر گرنگیان ئەنجامداوە لە کڵێسادا (لۆقا ٧: ٤٤- ٤٧ ؛ ٨: ٢- ٣ ؛ یۆحەنا ٤: ٣٩ ؛ ٢٠: ١٧- ١٨ ؛ کردار ٩: ٣٦ ؛ ١٦: ١٥ ؛ ڕۆما ١٦: ١- ٢ ؛ ١٦: ٣ ؛ ١٦: ٦ ؛ ١٦: ١٢- ١٣).

**د. پێویستە ئەم دوو هەڵوێستە توندڕەوانەی خوارەوە وەلانێین :**

یەکێك لەو هەڵوێستە توندڕەوانە ئەوەیە کاتێ کڵێسایەك ژن لە پۆستی کڵێسادا دەستنیشان دەکات بەبێ پشتگیری کتێبی پیرۆز بۆ ڕێگەدان بەم کارە .

هەڵوێستەکەی دیکە ئەوەیە ، کڵێسایەك خزمەتی گرنگی پڕ بایەخی ژنان پشتگوێ دەخات .

**٤. خودا خۆی دەسەڵات دیاری دەکات لەئەم پەیوەندیانەدا .**

هەموو دەسەڵاتێك لە زەوی سەرچاوەکەی خودایە ، ئەو دەسەڵاتەکان دیاری دەکات کە بیبەخشێ بەکێ ( ڕۆما ١٣: ١- ٢) .

ئەو حەوت پەیوەندیەی لە کتێبی پیرۆزدا هاتوون ئەمانەن :

* خودا لە مەسیحدا دەسەڵاتدارە بەسەر هەموو ئادەمیزاد ( ١ کۆرنسۆس ١١: ٣ ؛ ئەفەسۆس ١: ٢٠ – ٢٣ ؛ کۆلۆسی ١: ١٨) .

* پیاوان وژنان دەسەڵاتیان هەیە بەسەر بەدیهێنراوانی خودا ( پەیدابوون ١: ٢٨ ؛ زەبور ٨: ٤- ٨) .

* پیاوان دەسەڵاتی ڕابەرایەتیان هەیە لە پەیوەندی هاوسەرگیری دا بەسەر ژنەکەیدا ( پەیدابوون ٣: ١٦ ؛ ئەفەسۆس ٥: ٢٢- ٢٤ ؛ کۆلۆسی ٣: ١٨ ؛ ١پەترۆس ٣: ١- ٦) ، وە لە کۆبونەوە فەرمیەکانی کڵێسادا ( ١کۆرنسۆس ١١: ٣ ؛ ١٤: ٣٣- ٣٥ ؛ ١تیمۆساوس ٢: ١١- ١٤) .

* باوکودایک دەسەڵاتیان هەیە بەسەر منداڵەکانیاندا کاتێ لەژێر چاودێری ئەواندان ( ئەفەسۆس ٦: ١- ٣ ؛ کۆلۆسی ٣: ٢٠) .

* حکومەتی وڵات دەسەڵاتی هەیە بەسەر هاوڵاتیاندا ( ڕۆما ١٣: ٣- ٧ ؛ ١پەترۆس ٢: ١٣- ١٧) .

* خاوەن کار دەسەڵاتی هەیە بەسەر کرێکارەکانیدا ( ئەفەسۆس ٦: ٥- ٩ ؛ کۆلۆسی ٣: ٢٢ – ٤ : ١ ؛ ١پەترۆس ٢: ١٨- ٢٣) .

* پیران دەسەڵاتیان هەیە بەسەر ئەندامانی کڵێسادا ( کردار ٢٠: ٢٨ ؛ ١سالۆنیکی ٥: ١٢ ؛ عیبرانیەکان ١٣: ١٧) .

**<u>٥. کلتوری بۆماوەیی خەڵکی و کلتوری شانشینی خودا .</u>**

هەندێ لە باوەڕداران ئەم فێرکردنەی پۆڵس کە کلتوری بڵاوی ئەو سەردەمە دیاری دەکات پێیان وایە بۆ ئەم ڕۆژگارەو سەردەمەی ئێستامان ناگونجێت . ئەم بیرۆکەیەش مەترسیدارە !

**أ. پێناسەی " کلتور" .**

کلتوری هەر کۆمەڵێك لە خەڵکی تێڕوانینانە لە گەردون و ڕاستی و بیروباوەڕو خورافیات و ئەفسانەو ئەو بەهایانەیە کە پێیان وایە لە ڕێی ئەزمون و ژیانیانەوە گوزارشی لێدەکەن (نەریت و باوەکان) .

**ب. لایەنە مێژووییەکەی کتێبی پیرۆز .**

کلتوری مێژوویی و نەریتی هەر کۆمەڵەیەك لە خەڵکی باش وخراپی تێدایە . وە بەشە مێژوویەکانی نێو کتێبی پیرۆز پێناسەی هەردوو لایەنی

باش وخراپی کلتوری مرۆڤانە دەکات لەو کاتەدا کە کتێبی پیرۆزی تێدا نوسراوە .

**ج. لایەنی کلتوری کتێبی پیرۆز .**

خودا دەیەوێ کلتوری شانشینی خۆی تەنها کلتور بێت لە هەموو وڵاتان و لەنێو هەموو دانیشتوانی جیهان ! ( بڕوانە مەتا ٥- ٧) هەروەها بڕوانە (دواوتار ١٨: ٩- ١٣) .

کتێبی پیرۆز لە فێرکردنەکانیدا بۆ پەیوەندی هاوسەرگیری و پەیوەندی نێوان باوکودایکو منداڵەکانیان و پەیوەندی نێوان خاوەن کار و کرێکار و پەیوەندی نێوان حکومەت و هاوڵاتیان و چەندینی تر باس دەکات ( ئەفەسۆس ٥: ٢٢- ٦: ٩ ؛ کۆلۆسی ٣: ١٨- ٤: ١ ؛ ١پەترۆس ٢: ١٣- ٣: ٧) . وە کتێبی پیرۆز ڕاسپاردەو فێرکردنی هەیە بۆ پەیوەندی نێوان پیاوان وژنان لە کڵێسادا لە ڕووی ئەخلاقی و سێکسی و پێوەرە دادپەروەریەکان ( مەتا ٥: ٢١- ٤٨) . هەروەها چوارچێوەی پەیوەندی نێوان ژنان وپیاوان دیاریدەکات لە کڵێسادا ( ١کۆرنسۆس ١١: ٣ ؛ ١٤: ٣٣- ٣٥ ؛ ١تیمۆساوس ٢: ١١- ١٤) . هەموو ئەم پەیوەندی و پێوەرانە چەسپاو و جێگیرن لە هەموو کاتێك و لەهەموو سەردەمێکدا لە جیهان !

د. بنەمای دروست لە کتێبی پیرۆزدا .

نابێت کلتوری گەلێك چۆنیەتی ڕاڤە کردنی کتێبی پیرۆز دیاری بکات ، بەڵکو دەبێت کلتوری شانشینی خودا ، لە کتێبی پیرۆزدا ئەوە ئەنجام بدات!

خودا بڕیاری نەدا تەنها دڵەکان بگۆڕێ بەڵکو تەنانەت ژیان وکلتوریشیان بگۆڕێ هەروەها .

**ب. ئامادەکاریەکانی خزمەتکاران (ژنان)**

کاتێ کڵێسایەك ژنان دەستنیشان دەکات بۆ خزمەتکردن دەبێت ئەو ژنانە دەستنیشان بکات کە داواکاریەکانی کتێبی پیرۆزیان تێدایە وە توانایان هەبێت بۆ هەستان بە ئەرک و کارەکان ئەوەی تایبەتە بە خزمەتکاران .

**ئاشکرای بکەو گفتوگۆی لەبارەوە بکە** : پەیمانی نوێ چیمان فێر دەکات بۆ ئامادەکاریەکانی ژنانی خزمەتکار ؟

١ تیمۆساوس ٣: ١١ **بخوێنەوە** .

دەبێت ژنانی خزمەتکار شایەنی ڕێز بن و ناوبانگیان باش بێت نەك دەم شڕ و جوێن دەر بن وە دەبێت بەئاگا بن و ڕێکو پێك بن و هەڵسوکەوتیان باش بێت وە دەستپاك و سەڕاست بن لە هەموو شتێکدا . بۆیە تەنانەت ژنانیش لەسەر بنەمای ژیانیان وهەڵسوکەوت و تواناکانیان دەستنیشان دەکرێن .

**ج. ئەرك و کارەکانی خزمەتکاران (ژنان)**

ئاشکرای بکەو گفتوگۆی لەبارەوە بکە : پەیمانی نوێ چیمان فێردەکات لەبارەی ئەرك وکارەکانی خزمەتکاران (ژنان) ؟

لۆقا ٨: ١ـ ٣ ؛ ڕۆما ١٦: ١ـ ٦ ؛ ١تیمۆساوس ٥: ٩ـ ١٦ ؛ تیتۆس ٢: ٣ـ ٥ **بخوێنەوە** .

زۆرجار ئەو ژنانەی خزمەتکارن و یارمەتیدەرن یان جێگری چاودێرەکانن بۆ یارمەتیدانی هەژاران و خاوەن پێویستیەکان زۆر زیاتر لە پیاوان باشتر هەڵدەستن بە کارەکانیان .